# چمکێك
# لە خەسلەت و ئاکارو ڕەوشتەکانی مامۆستا

**ئامادەکردنی: عرفان ئەحمەد کاکە مەحموود**

الحمدلله، والصلاة والسلام على رسول الله، الذى بلغ الرسالة وأدى الأمانة ونصح الامة وجاهد فى الله حق جهاده ونحن على ذلك من الشاهدين، وعلى آله وصحبه ومن والاه..

خۆشەویستانی مامۆستا/ لەم ژمارەیەدا بە پێویستم زانی زۆر بە کورتیی و پوختی بەپێی وردکردنەوەو لێکۆڵینەوە، هەندێ لە سیفات و ئاکاری بەرزی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحمووددتان بۆ بخەینە ڕوو، بەو هیوایەی کە جێی سوودو کەڵك وەرگرتن بێت و ببێتە وانەو دەرس بۆ قوتابیان و ئەوانەی دەیانەوێ شوێن پێی زانایانی خواویست و خۆ نەویست هەڵبگرن، وە هەوڵماںداوە وردەکاری بکەین لە هێنانی ئەو ڕووداو و سیفات و ئاکارانەی کە لەمامۆستادا هەبوون و پرسیارو تحقیقی لەبارەوە بکەین...

## سەرەتا:

× **مامۆستا لە بواری بیروباوەڕو عەقیدەوە**/

مامۆستا زانایەکی زۆر دامەزراوو عەقیدە پاکبوو، بە مەعنای کەلیمە لە مەسەلەی (ئیمان و کوفردا) (سەلەفییەکی تەواو بوو)، دوور بوو لە فیکری (الإرجاء والخوارج)، "واتە: بە بەزەیی لەگەڵ دارو دەستەی دەسەڵاتدارانی سەردەم و توندو تیژ بەرامبەر بە موسڵمانان" ئەم دوسیفاتەی هەرگیز تێدا نەبووە، لە بواری حاکمیەتی رب العالمینەوە لە دێر زەمانەوە هەر لە شارۆچکەی سیروانەوە تا دەگاتە زەمەنی هیجرەت و ئۆردوگاکانی دزلّیی و بارام ئاوا لە وتارو دەرس و جموجوڵەکانیدا بەکردار ڕەنگی دابوویەوە لە ژیانیداو پێی وابوو کە تەنهاو تەنها دەسەڵات و تەشریع دەبێ بۆ رب العالمین بێت، وە نابێ هیچ بەرنامەیەکی تری دەستکرد لە ژیانی مرۆڤەکاندا کاری پێ بکرێت جگە لە بەرنامەکەی خوای تاقانە کە قورئانە. هەمووجار دەیگوت: خوای گەورە زۆر بەرەحم و بەزەییە، ئەگەر مرۆڤ نوێژێکی یان ڕۆژوویەکی یان باقی عیبادەتەکانی تری جارجارە لەدەست بچێ، خوا چاوپۆشی لێدەکات، بەڵام ئەوەی خوا چاوپۆشی لە بەندەکانی ناکات ئەوەیە کە بەندەکانی شیرك و هاوەڵی بۆ قەرار بدەن بەتایبەت لە حاکمییەتدا !! وە دەیفەرموو: هەموو موسڵمانان لای خوا گوناهبارو تاوانبارن لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە ماوەیەکی زۆر زۆرە لە حوکم کردن دوور خراوەتەوەو کاری پێناکرێ !! المهم مامۆستای ڕەحمەتی لە حاکمییەتی پەروەردگاردا زۆر زۆر جیددی و توند بوو، لە مەسەلەی دەستوورەکەی عێراق و کوردستانیشدا لە ڕوونکردنەوەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتیی و یەکێتی بەناوی بزووتنەوەوە زۆر بە ئاشکرا ئەو هەڵانەی بە ڕوونی بۆ لیژنەی ئامادەکاری دەستوورەکە ڕوونکردبووەوەو داوای لێکردبوون کە دەبێ تەنها ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت و بەس!! وە لە دوو وتاری هەینی تایبەتیشدا لە مزگەوتی (منیرة الفهد)دا زۆر بەتوندی هێرشی کردە سەر دەسەڵاتداران و لیژنەی ئامادەکاری دەستوورەکە..

لەبارەی ئەسماو سیفاتیی پەروەردگاریشەوە کاتێ کە تەفسیرەکەی دەنووسی تا ساڵی ١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٠ .. ئاگاداربووم زیاتر ڕەئی و بۆچوونی "خەلەفی" هێنابوو، چاوی لە مامۆستای رابەرو سەرکردەکەی خۆی کردبوو جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز (رحمه الله)، چونکە جەنابی رابەری مەزنیش هەردوو ڕەئی سەلەف و خەلەفی لەوبارەوە لەتەفسیرەکەیدا هێنابوو.. پاشان کە "من" لە وڵاتی (یەمەن) گەرامەوەو سەرچاوەو کتێبی نموونەییم لەو بارەوە بۆ باوکی ڕەحمەتیم هێنا، مامۆستای باوکم بێ چەندوچوون دەستی دایە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەو دواتر هەموو تەفسیرەکەی لە بواری ئەسماو سیفاتەوە خستە سەر ڕای سەلەف، ئەوەش خۆی بۆ خۆی فەزڵ و گەورەیی مامۆستای ڕەحمەتی دەردەخات.. جارێکیان لەناو ئۆتۆمبیلدا بووین و بەرەو هەڵەبجەی تازە دەرۆشتین و کتێبی ئەسماو سیفاتی ئیبن تەیمییە بەشەرحی شێخ عوسەیمینی دەخوێندەوە، دواتر فەرمووی: بەداخەوە لە زەمانەی ئێمەدا لە حوجرەکاندا ئەم هەموو کتێبە

چاكانە دەست نە دەكەوتن. وە تەنانەت لەو سەردەمانەدا كەئێمە دەمانخوێند كتێبی سەحیحی بوخاری و موسلیمیش هەر نەبوو..!! بۆیە ئێستا گەنجەكانمان گلەیی لە ماموستا مێژەربەسەرەكان دەكەن..

× **لە بواری زانست و نووسیندا** /

لە بواری خوێندن و خوێندنەوەو نووسیندا ماموستا بە شاهیدی ئەهلی عیلم و ئەهلی قەڵەم بێ وێنە بوو، وەك پێشتر لە ماڵپەرەكەیدا هێمامان پێكردووە ماموستا نزیكەی ١٨ ساڵ لە حوجرەدا ماوەتەوەو سەرقاڵی خوێندنی زانستە ئیسلامییەكان بووە، وە یەكێك بووە لە فەقێ دیارو زیرەكەكانی سەردەمی خۆی، كاتێ كە لە خزمەت ماموستا شێخ خالیدی موفتی لەمزگەوتی گەورەی هەڵەبجە خوێندوویەتی بە پێی وتەی ئەوەو ئەوكەسانەی كە ئەوكات ماموستایان بینییەوەو ناسیوە شاهیدی زیرەكیی و چاكەی لەسەر دەدەن، پاشانیش كە هاتووەتە خزمەتی ماموستا مەلا عوسمان عبدالعزیز لەوێش هەر نموونەی فەقێی زیرەك و چاوكراوەو شەرم و حەیاو بە دین بووە، ماموستا هەر لەوكاتەوەی كە ئیجازەی عیلمی وەردەگرێ و دەچێتە گوندی بناوەسووتەو هەر لەوێ حوجرەو مزگەوت ئاوەدان دەكاتەوەو چەند فەقێیەك دەگرێ و وانە ئایینیەكانیان پێ دەڵێتەوە.. ماموستا لەبواری زانست و زانیارییدا بە شاهیدی زۆربەی زانایانی گەورەی كوردستان وەك ماموستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو ماموستا سید نجم الدین تاهاو چەندین زانای تری گەورەی كوردستان شاهیدی زانایی ماموستایان داوە بەتایبەت لەبواری فیقهدا.. بەتایبەت جەنابی ماموستا مەلا عوسمان رابەرو دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامیی زۆر زۆر ئیعتیمادی لەسەر بابەتە فیقهییەكانی ماموستا هەبووەو زۆرجار پشتگیری فەتواو دەستنووسەكانی ماموستای كردووە!! پاشان لە وتار بێژیشدا كە خۆی وەك ماموستای مێژەر بەسەر پیشەی ئەوە بووە ماشاءالله وتاربێژێكی سەركەوتوو بوێرو چاونەترس بوو، هەر لە شارۆچكەی پێنجوێن و خورماڵ و سیروان و ئۆردوگاكانی ئێران و پاشان هەڵەبجەی شەهیدان و هەروەها لە مەراسیمە سیاسیی و ئایینیەكانیشدا توانیویەتیی مافی وتاربێژیی و چاو نەترسی خۆی لەو بوارەدا بسەلمێنێ، ماموستا سەرجەم سیفاتی وتاربێژیی وەك سیماو ڕیش و باڵاو هەیكەلی جوان و دەنگی خۆش و زوڵاڵ و لەسەرخۆیی و شارەزایی لە زانستی تەجویدو خۆشخوانی قورئان كە ئەوە مەرجێكی زۆر پێویستە كە ماموستای وتاربێژو پێشنوێژكار دەبێ بەچاكی ئەو زانستەیە بزانێت!! وە لەبواری نووسینیشدا ماشاءالله هەمیشەو شەوو ڕۆژ نەدەوەستاو لە نووسیندا باوەڕناكەم كەس وەك ماموستای ڕەحمەتی ئەو تاقەت و تەحەمولەی هەبوو بێت!! هەمیشەو هەمووكات سەرقاڵی نووسین بوو.. بۆیە زۆرجار دایكم و مناڵەكانیش هەستمان دەكرد كە مافمان نادات و ئاگای لێمان نەماوەو ئیتر جاجارە گلەییمان لێدەكرد !! وە لەكاتی پەیابوونی كۆمپیوتەریشدا ماموستا لەو بوارەشدا هەر دوا نەكەوت و لە ڕێی موحەممەدی كوڕە بچوكیەوە ڕۆژانە زانیاری كۆمپیوتەرو تایپكردنی بابەت و ئەو بوارانە فێربوو، بۆیە بۆخۆی دەستی دایە تایپكردنی زۆرێك لەبابەت و بەرهەمەكانی.. ماموستا لە ساڵی ١٩٧٠ ی زاییینیەوە دەستی داوەتە نووسین و تا ئێستا بەرهەم و نووسینەكانی ماموستا گەیشتووەتە ٢٦ بەرهەم .. دەتوانم بڵێم ماموستا یەك كات بێ خوێندنەوەو بێ نووسین نەبووە، چ لەماڵەوە چ لەسەفەرو چ لەناو ئۆتۆمبیلداو چ لە مەقەڕو بارەگاكانی بزووتنەوەدا، زۆر نرخی كاتی بەلاوە بوو، وە زۆر جەریئو بە توانا بوو لە بابەتە فیقهییەكاندا، هەمیشە ئەو فەتوایەی هەڵ دەبژارد كە لەگەڵ مەسڵەحەتی ئەمرۆی موسڵمانانا بگونجایە، دەتوانم بڵێم ماموستا خۆی بە (مقلد) نەدەزانی !! ئەو كتێبانەش كە ماموستا زۆر گرنگ بوو بەلایەوە ئەمانە بوون: (صحیح البخاری، صحیح مسلم، مجموعة الفتوی لإبن تیمیة، شرح اصول إعتقاد أهل السنة و الجماعة، معارج القبول فی شرح سلم الاصول، مغنی إبن قدامة، المجموع للامام النووی، الفقة الاسلامی وأدلته للدكتور وهبة الزحیلی، الجهاد والقتال فی السیاسة الشرعیة للدكتور محمد خیر هیكل، المحلی بالاثار لابن حزم، سبل السلام للصنعانی، نیل الاوطار للشوكانی، المفصل فی احكام المراة والبیت المسلم للدكتور عبدالكریم زیدان، زاد المعاد للامام ابن القیم الجوزیة، یسألونك فی الدین والحیاة للدكتور احمد الشرباصی، الفقه علی المذاهب الاربعة للشیخ عبدالرحمن الجزیری، فیض القدیر شرح جامع الصغیر للعلامة المناوی، الكامل فی التاریخ لابن الاثیر، شرح السنة للامام البغوی، جامع الاصول لابن الاثیر، الترغیب والترهیب للامام المنذری، الاصابة فی تمییز الصحابة للعسقلانی، الفتاوی الكبری الفقهیة

للعلامة ابن حجر الهيتمي، تاريخ الاسلام للدكتور حسن ابراهيم حسن، التشريع الجنائي الاسلامي للشيخ عبدالقادر عودة، حاشية الجمل على الجلالين للشيخ سليمان الجمل، المختصر فى أخبار البشر"تأريخ أبى الفداء" للشيخ عمادالدين اسماعيل ابى الفداء، الاحكام السلطانية للقاضى أبى يعلى الفراء، حواشي تحفة المحتاج للشروانى وابن قاسم، (مغنى المحتاج للشيخ محمد الشربينى، التاج، الجامع الاصول للشيخ منصور على ناصف، ئەم دوو كتێبەیان ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی بناوەسووتە موتاڵاو خوێندوویەتیەوە، بەدەستنووسی خۆی لەسەری نووسیوە)، وە زۆربەی سەرچاوە گرنگەكانی تەفسیری قورئانیشی لە كتێبخانەكەیدا وەدەست دەكەون و زۆر سەرچاوەی تەفسیری بەلاوە گرنگ بوو، وە سەرچاوە كوردییەكانی بواری تەفسیری كوردی وەك: ( تەفسیری مامۆستای رابەری مەزن مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزو شێخ محمدی خاڵ و مامۆستا هەژار موكریانی لە كتێبخانەكەیدا هەن)، وە زۆر سەرسام و موعجەبی كتێبەكانی سید قطب و عبدالله عزام و ئیمام مەودودیی بوو بەتایبەت تەفسیرەكەی "سید" هەزار رەحمەتی لێبێ، وە زۆربەی كتێبەكانی سعید حوی لە كتێبخانەكەیدا هەن بەتایبەت تەفسیرەكەی، وە زۆربەی نووسراوەكانی (دكتۆر یوسف قەرزاویی و محمد غەزالی میسری و عبدالله ناسیح عەلوان و محمد احمد راشد)ی لە كتێبخانەكەیدا هەن و هەمیشە سوودو كەڵكی لێوەردەگرتن، وە هەروەها سەرجەم نووسراوەكانی مامۆستای پایەبەرزی كورد مامۆستا مەلا عبدالكریمی مودەریس بە تایبەت تەفسیرەكەی تەفسیری نامی خوێندوەتەوەو لە كتێبخانەكەیدا هەن، وە هەروەها گرنگی زۆریشی دەدایە كتێب و نووسراوەكانی دكتۆر موستەفا زەڵمی و زۆر بە زانایەكی لێهاتوو بە جورئەت لە قەڵەم دەدا، وە زۆر سەرسامی كتێبەكانی مامۆستا مەلا عبدالرحیمی مەولەوی بوو "بەرەحمەت بێ" بەتایبەت كتێبی (عەقیدەی مەرضیة) و زۆربەی شیعرەكانیشی لەبەربوو، وە زۆربەی كتێبە شیعرییەكانی وەك نالیی و مەحویی و مەولەوی و مام هەژارو چەندانی تر لە كتێبخانەكەیدا هەن و موتاڵای كردوون). ئێستاش لە كۆ كردنەوەو بەچاپ گەیاندنی فەتواكانی مامۆستاداین انشاءالله.. ئەوەشمان لەبیر نەچێت كە مامۆستا زۆر زۆر رێزو حورمەتی زانایانی لابوو، بەتایبەت زۆر رێزو خۆشەویستی و دڵخۆشی فەقێ و تالیب العیلمی دەكرد.

× **لە بواری فیكری جیهادییەوە**/

مامۆستا (رەحمەتی خوای لێبێت) پیاوێكی بەشەهامەت و جیهادی بوو، پێی وابوو ئیسلام بی'چەك و خوێن نایەتە بەرهەم و دەبێ ئوممەتی ئیسلامیی وەك هەموو گەلانی تری جیهان خاوەن قودرەت و جەیش و سوپا بێت.. وە دەیفەرموو دەبێ موسڵمانان -وەك ئیمامی بەننا دەفەرموێ- هێزێكی چەكدارییان هەبێ بۆ ئەوەی كە ئەگەر هێزێك یان ناحەزێك بەربەستبوون لەرێگای بڵاوبونەوەی پەیامەكەی خودادا ئەم هێزە چەكدارە بەرهەڵستیان بوەستێتەوەو بیانترسێنێ!! وە هەمیشە سەرقاڵی خوێندنەوەو موتاڵاكردنی كتێبەكانی سید قوتب و عبدالله عزام چەندین زانای جیهادیی و موقاوەمە بوو، وە باوەری وابوو گەورەترین چڵەپۆپەی ئیسلام جیهادەو هەرگیز ئەم دینی خودایە بێ چەك و جیهاد نایەتە بەرهەم!! جارێكیان لە مەولودنامەیەكدا بووین، مامۆستا فەرمووی: خۆزگا لەم یادە شكۆدارەدا ئیسلام و موسڵمانان خاوەن دەوڵەت دەبوون و چەندین بۆمب و موشەكی دوور هاوێژ تاقیدەكرانەوە، نەك بەو شێوە لاوازەی ئێستا یادی سەركردەو پێشەوای موجاهیدان بكرێتەوە! مامۆستا پێش ئەوەی كۆچ بكەن بۆ ئێران لەساڵی (١٩٨٧) لە شارۆچكەی سیروان حیزبی بەعس بە كۆپتەرو جەیشەوە هاتبووە ناو ئەو شارۆچكەیەوەو خەڵكێكی زۆریش كوژراوو برینداری لێكەوتەوە !! جا لەوكاتەدا مامۆستاو كۆمەڵێك برا لە بینا حكومییەكەی نزیك ماڵی مامۆستا لەگەرەكی چرۆسانەییەكان بە تاقم و تفەنگەوە خۆیان ئامادەكردبوو وە لەناو ئەو بینایەوە هێرشیان دەكردە سەر كۆپتەرەكانی رژێم. وە پاش كۆچكردنیشیان بۆ ئێران لە ئۆردوگای دزڵی سەرجەم سوورەتی (الانفال)ی بۆ موجاهیدان تەفسیر دەكرد و بە دەیان بابەت و نامیلكەو چاوپێكەوتنی لەبارەی جیهادو تێكۆشانەوە هەیە. زۆر جوان بوو بۆ مامۆستای خاوەن مێزەروجبە كە تاقم و تفەنگ هەلگرێ و دژی زوڵم و زۆری زۆردان بوەستێتەوەو زیاتر لە ٢٠ ساڵ جیهادو موقاوەمەیان كرد لەپێناو ئارامیی و ئاشتیی و خۆشگوزەرانی گەلەكەیاندا !! بەراستی مەلای مێزەر سپیی و دەمانچە هەڵگرتن هەر لەخۆیان دەهات!!

سەلماندیان کە مەلا ئیش و کاری هەر مزگەوت و جەماعەت و ژن مارە بڕین و تەڵاق و تەڵقینی مردوو نییە، بەڵکو مەلا ئەبێ ئاگای لە هەموو جموجوڵێکی کاروباری خەڵکیی و حکومەت و دەسەڵاتیش بێت!!

- **هەڵوێستی مامۆستا لە بارەی داگیرکردنی عێراقەوە لەلایەن ئەمریکاوە/** هەڵوێستی مامۆستای ڕەحمەتی سەبارەت بە ئەمریکاو داگیرکردنی عێراقەوە زۆر روون و ئاشکرابوو، ئەمریکای بە داگیرکەر دەزانیی و زۆر سەخڵەت و بیتاقەت بوو کە وڵاتی عێراق بەو شێوەیە لەلایەن داگیرکارانەوە داگیرکراوەو بە ناحەق رۆڵەکانی هەر ڕۆژەی بە ناوێکەوە تیرۆرو لەناو دەبرێن، ئەوەندە ئەمریکای بەلاوە زاڵم و ستەمکار بوو هەمووجار دەیفەرموو: ئەگەر تەنانەت لە کۆلانێکدا دوو کەڵەشێر شەڕ بکەن بێگومانم دەستی ئەمریکای تێدایە!! ئەوەش هەر بەشێکبوو لە فیکری جیهادی مامۆستا..

× **لە بواری کاری حیزبایەتییەوە**/

مامۆستای ڕەحمەتی حیزبی وەك وەسیلە بەکار دەهێناو حەزی دەکرد حیزبەکەی خزمەتکارو ڕەحمەت بێ بۆ گەل و هۆزو نەتەوەکەی، نەك بە پێچەوانەوە!! هەمووجار جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان رابەری مەزن و باوکی ڕەحمەتیشم دەیانفەرموو: ئێمە ئەم بزووتنەوەیەمان بۆ بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی خوا درووستکردووە حەزمان لە ڕشتنی خوێنی کەس نەبووە!! وە سەبارەت بە تەعامولیش لەگەڵ حیزبە عەلمانییەکانی تریشدا باوکم دەیفەرموو: دەبێ ئێمە پابەندبین بەو ڕێککەوتن و سوڵح و هودنانەی کە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا ئەنجامی دەدەین!! لە کاتی دەسەڵاتی ئەو کاتەی بزووتنەوەدا مامۆستا زۆر بە خەم بوو! وە هەمیشە لەکاتی بەسەرکردنەوەی بۆ مەقەڕەکانی بزووتنەوە ئامۆژگاری پێشمەرگەو کاربەدەستانی دەکرد کە بە بەزەیی و نەرم و نیان بن لەگەڵ خەڵکداو زۆر دڵگران دەبوو کە خەڵکی گلەیی و گازندەیان بەرامبەر بە پێشمەرگەی بزووتنەوە هەبوایە!! ئەوەندەی ئێمە ئاگاداری دیدو بۆچوونی مامۆستا بووین مامۆستا حیزبییانە تەعامولی لەگەڵ بەرامبەری نەدەکرد، ئەگەر هەر برایەك کارێکی پێویستی هەبوایە، یەکگرتوو یان نەهزە یان سەربەخۆ بووایە جیاوازی نەدەکرد لە بە ئەنجامدانی کارەکە بۆی !! مامۆستا زۆر دڵخۆشیش بوو بە بزووتنەوەکەیی و لەو پێناوەشدا ئێش و ئازاری زۆری چەشت!! زۆر بەگلەیی بوو لەدەسەڵات کە بزووتنەوەیان ئابەو شێوە گەمارۆ داوەو هەموو دەرگایەکیان لێ داخستووە!! بزووتنەوەیەك کە زۆر بە نییەت پاکیی و بۆ خوا سوڵحاویی جیهادو تێکۆشانی دەکرد دژی زوڵم و ستەم!! بەڵام دواتر ئاوایان لێکرد کە کردیان!! وە مامۆستا زۆرحەزی لە تازەگەری بوو بۆ کاروباری ناوخۆی بزووتنەوەو زۆر زۆر بەخەم بوو کە بزووتنەوە بگاتەوە ئاستەکانی جارانی خۆیی و داوای نوێکاریی و تازەگەری دەکرد بۆ بەرەو پێشچوونی بزووتنەوە!! هەمیشە حەزی دەکرد بزووتنەوەکەی بزووتنەوەیەکی دەعەویی و تەربەوی بێت پێش ئەوەی جیهادی بێت، وە حەزی دەکرد کەسانی ئەهلی عیلم لەدەوری ئەم بزووتنەوەیە کۆ ببنەوەو زورجاریش دەیفەرموو بە کۆمەڵە برایەك کە دێن بۆ دەوامی مەڵەبەند بە مێزەرو جامەدانەوە بێن!! وە هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە با ئەم بزووتنەوەیە کەسانی پسپۆڕو مەلاو زاناو شارەزایانی زانستی ئیسلامیی بیبەن بەڕێوە نەك بە پێچەوانەوە!! بۆیە بەداخەوە دەتوانم بڵێم بزووتنەوە زۆر قەدری زانایانی ئیسلامیی نەزانی بەتایبەت مامۆستای ڕەحمەتی..

× **مامۆستاو عیززەت و ویقار** /

عیززەت و ویقار سیفات گەلێکی زۆرجوان و بەرزن کە پەروەردگار بە هەندێ لە بەندەکانی خۆی دەیبەخشێ، مامۆستا ئەوەندە بە عیززەت و بە ویقار بوو لەو دوو سیفاتەشدا هەر لە پێش بوو !! لەکاتی گفتووگۆو قسە کردندا، لەکاتی کۆبوونەوەو دەمەقاڵەی سیاسەتدا، لەکاتێکدا کە بە شاندێکی سیاسیانە بڕۆشتایەنە لای لایەنە سیاسییەکان، لەناو ماڵ و منداڵیدا، هەمیشە ئەو دوو سیفاتە بەرزەی تیا بەدی دەکرا !! ئەوەندە حورمەتی لە مێزەرو جبەکەی دەگرت، بەرامبەر وای دەزانی مامۆستا خوانەخواستە فیزو کیبری تێدایە ! بەڵام مامۆستا زۆر کەسێکی متواضع و قسەخۆش و نەفس بەرز بوو، هەرگیز بە ئەندازەی مسقاڵە زەرەیەك خۆ بەزلزانینی تێدا نەبوو، ئەوەندە بە ویقار بوو ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە ماڵی مامۆستا لە شاری مەریوانی کوردستانی ئێران بوو، وە ئەو چەند ساڵەیش کە لە هەڵەبجە

نيشته جێبوو، له هیچ شارێکی کوردستانی ئەمدیوو ئەو دیوو تا وەفاتی کرد بۆ یەکجاریش نەچووە بازاڕی هیچ یەك لەو شارانە.. هەمیشە داوامان لێ دەکرد کە با بچینە دەرو کەمێك ئیسراحەت بکەیت، لە وەڵامدا دەیفەرموو ئێوە خۆتان بچن با من نەیەم، چونکە ئەم مێزەرو جبەیە لێتان تێك ئەدات، وە دەبێ بەهۆی منەوە نەرۆنە هەموو شوێنێك و دەبەسرێنەوە !! وە هەروەها لەبەر حورمەت و ویقارو رێزی جبەو مێزەر قەت بە تەنها نەدەگەڕاو حەزی دەکرد هەمیشە چەند کەسێکی لەگەڵدا بێت و زۆری پێ خۆشبوو کە تەنانەت بۆ چوون بۆ مزگەوتیش بەتەنها نەروات، بەڵام بەداخەوە زۆرجار بۆی نە ئەلوا !! جارێکیان من و باوکی رەحمەتیم پێکەوە دەچوین بۆ پرسەی کەسایەتییەکی شارۆچکەی سەیدسادق، لە پرسگەی هەڵەبجە رایانگرتین و پێیان وتین کە (عرفان) ناوی لە لیستدایەو داواکراوە!! بەڵام بە ئوسلوبێکی زۆر ناشرین و دوور لە هەموو رێزو تەقدیرێك !! دواتر منیان داگرت و داوای موبایلەکەیان لێ دەکردم و باوکی بە عیززەت و بە ویقاریشم نەیدانێ و زۆر بەتوندی چوو بە گژیاناو لێیان تووڕە بوو، دواتر خۆم گوێم لێبوو دوای ئەوەی کە منیان بردبوویە ژوورێك لە ژوورەکانی پرسگەی هەڵەبجە دەیانگوت: ئێمە نەمانووت مادام مامۆستا مەلا ئەحمەدی لەگەڵدایە دەستگیری نەکەن ؟!! دوای ئەوەش یەکێك لە لێکۆڵەرەکانی ئاساییش پێی گوتم ماوەیەکی زۆرە ئەمری گرتنی تۆمان لایە، بەڵام لەبەر باوکت نەمان توانیوە دەستگیرت بکەین چوونکە باوکت زۆر توند ڕەوە!! ئەوەبوو تا باوکی رەحمەتیم مابوو نەیانتوانی دەستگیرم بکەن، دواتر کە وەفاتی فەرموو هەر لە پرسەکەی باوکمدا دەستگیریان کردم!! سەبارەت بە عیززەتی مامۆستا زۆر هەڵوێستی جوامێرانە هەیە کە جێی باس و نووسینەوە بێت بەڵام بۆ کاتێکی گونجاو تر خوایاربێت!! مامۆستا لەبەر عیززەت و ویقاری خۆیی و دینەکەی هەر لەکاتی لێدانی ئەمریکا بۆ ناوچەکانی هەورامان تا کاتی وەفاتی نەچوویەوە ناوچەی هەورامان و زێدی خۆی بەتایبەت خورماڵ، دەیفەرموو تا بارەگاو ناوچەکانی بزووتنەوە لەو ناوچانەدا نەکرێنەوەو ئاڵای بزووتنەوە تیایدا هەڵنەکرێت هەرگیز ناچمەوە ئەو ناوچانە !! بە یەکێك لە وتە بەنرخەکانی مامۆستا کۆتایی بەم کورتە باسە دەهێنم کە دەیفەرموو: ئەگەر توندڕەویی لە ئیسلامدا بریتی بێت لە بەرگریی لە ئەخلاق و پاراستنی شەرەف و ناموسی خەڵکی، ئەوە بەندە توند ڕەوترین کەسم !! هەزاران هەزار سڵاو لە گۆڕی مامۆستای بە عیززەت و بە ویقار..

× **مامۆستاو وەفاداریی و میوانداریی** /

سیفاتی وەفاداریش یەکێکە لە گرنگترین سیفاتی مرۆی موسڵمان، وە جوانترین و ڕازاوەترین و بە ئەمەکترین سیفاتی مرۆڤەکانە، دەتوانم بڵێم مامۆستا لەو بوارەشدا بەشاهیدی دۆست و خزم و خۆشەویستانی وەفادارترین کەسبوو، زۆر زۆر حەزی بەو سیفەتە جوانە دەکرد، بۆیە زۆرجار دەیفەرموو: هەرچی سیفاتی قەبیح و زۆر ناشرین هەیە لە مرۆڤەکاندا قابیلی قەبووڵە، بەڵام سیفەتی بێ وەفایی بەهیچ شێوەیەك قەبوڵ ناکرێ و قێزەونترین سیفاتیشە !! مامۆستا زۆر زۆر سەرسام بوو بەو سیفەتە جوان و پڕ لەمەعنای دین و ئەخلاق و رەوشت بەرزییە !! کە دەچوینە هەر شارێك، بۆ نموونە سلێمانی یان هەولێر باوەڕ بکەن هیچ کەسی لە یاد نەدەکردو ئەگەر بەتەلەفۆنێکیش بووبێت هەر بەسەری دەکردەوە، وە ئەوەی چاکەیەکی بەرامبەر بەمامۆستا کردبێت مامۆستا هەمیشە لە یادی بوو وە زۆر رێزو حورمەتی لەو کەسە دەگرت !! لەم دواییانەشدا ئەگەر مامۆستا سەردانەکانی کەم کردبێتەوە تەنها لەبەر بواری ئەمنی بووە، حەزی نەدەکرد بەرامبەر ئیحراج بکات و تووشی کێشە ببن، چونکە دونیا وای لێهاتبوو ئەگەر مامۆستا سەردانی بنەماڵەیەکی بکردایە دواتر ئەو بنەماڵە ڕووبەڕووی پرسیارو وەڵام دەبوویەوە!! وە هەمیشە دەیگوت ئەگەر رێزو وەفاداربوون بەرامبەر بە کەسێك یان بنەماڵەیك تا سەر بیبەن و چاکەی کەستان لەیاد نەچێت با بەرامبەریش وانەبێ بەرامبەرتان !! وە مامۆستا بەوەفادارترین کەسیشبوو لەسەر ڕووی زەوییدا بەرامبەر بە کەسایەتیی و شەخسییەتی گەورەی کوردو عالەمی ئیسلامیی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز (رحمه الله) و بنەماڵەکەیی و توانی تائەو رۆژەش وەفاتی کرد هیچ جۆرە بێ وەفاییەکیان بەرامبەر نەکات !! تەنانەت ئەو هەفتەی کە مامۆستا تیایدا نەخۆش کەوت و وەفاتی کرد، چەند رۆژێ پێش ئەوە مامۆستا سەردانی مەزاری مامۆستای موجاهیدو خۆشەویستی خۆی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانی کردو وەك ماڵئاواییەك لە دونیای جەنجاڵ و پڕ لە بێ وەفایی دۆعای خێریشی بۆ مامۆستا کردو فرمێسك

به هەردوو چاوانیدا دەهاتە خوارێ و دوای چەند رۆژێك جەنابیشی وەفاتی كردو رۆشتەوە خزمەتی پیاوچاكان و ئەم دونیا مەینەتییەی بەجێ هێشت!! لەم دوواییانەشدا كە دونیا گۆڕاو بێ وەفایی پەرەی سەندو دەتوانم بڵێم زۆر كەم كەس دەرچوو لەو تاقیكردنەوەدا !! مامۆستا هەمیشە دەیگوت: وەفا بەرەو ئاسمان رۆشتووەتەوەو نەماوە !! زۆرجاریش دەیفەرموو: ئەرێ ئەڵێی كەس ناوێرێ سەردانمان بكات !! یەكێكی تر لە سیفاتە جوان و بەناوبانگەكەی مامۆستای رەحمەتی میوانداریی و بەئەمەكی بو لەگەڵ میوان، زۆر بەخوڵق و رووخۆش و بوو لەگەڵ میوان و ئەوەندەی حورمەت لە میوان دەگرت میوانەكە ئیحراج دەبووا! كاتێ كە میوانیش دەهاتە سەر سفرەو كاتی نانخواردن دەهات، مامۆستای رەحمەتی هەرچی خواردنی بەردەمی خۆی ببوایە دەیخستە بەردەم میوانەكەو تا كۆتایی نانخواردن هەر خواردنی دەبەخشییە میوانەكان، وە زۆرجاریش زو زو دەهاتە دەرەوەو دەیفەرموو: ئاگاتان لە خواردنەكان بێت باش دەربچێت!! ئەمەش هەر بەشێك بوو لە وەفاو وەفاداری مامۆستا..

× **مامۆستاو میهرەبانیی و چاوپۆشیی** /

مامۆستا مەلا ئەحمەدی رەحمەتی لەگەڵ ئەوەیشدا كە كەسایەتییەكی سیاسیی بوو بەڵام هەر سیفەتە بەرزەكانی وەك ئەو سیفاتانەی كە باسمان كردن بەردەوام تیایدا رەنگی دەدایەوە، چونكە وا بلاوە كە پیاوی سیاسیی بێ رەحم و بەزەییەو چاوپۆشی تیا نییە!! بەڵام سوپاس بۆ خوا لە بواری میهرەبانیی و چاوپۆشیشدا بەردەوام بەرامبەر هەستی بەو دوو سیفەتە بەرزە دەكرد لە مامۆستای رەحمەتیدا، زۆر بەبەزەیی و میهرەبان و چاو پۆشیكار بوو لەگەڵ خانەوادەو كەسوكارو دۆست و خۆشەویستانیدا، زۆرجار لەلایەن دۆستان و خۆشەویستانیەوە بە قسەیەك یان بە هەڵوێستێك ئازار دەدرا، بەڵام مامۆستا هەر صەبری دەگرت و قەت لەرووی بەرامبەری نەدەدایەوە، وە دەیفەرموو قەت روو شكێن مەبن و قسە لە رووی بەرامبەر نەدەنەوە!! وە دەیفەرموو ئەم سیفەتە بەرزەم لە مامۆستای مەزنم جەنابی مامۆستا مەلاعوسمان وەرگرتووە !! جارجارە لەملاو لەولا قسەو باسی خەڵكیان بۆ دەگێرایەوە، بەڵام زۆر دلگران دەبوو، وە خۆم گوێم لێبوو جارێكیان لەجۆرە هەڵوێستێكی ئاوادا رووی كردە پارێزەرێكی خۆیی و پێی گوت ئەگەر لەبەر دەرگاكەشدا لوغمێكیان بۆ دانابووم هەرگیز بۆم نەگێڕنەوە كە كێ ئەو كارەی كردووە با ڕقم لەكەس نەكوێت !!

× **رێزو حورمەتی مامۆستا لە هەندێ زانای ناوادارو بەتوانا** /

– **محمد بن عبدالوهاب:** بە پیاوێكی مجدد و دڵسۆزو خەمخۆر وەسفی دەكردو كتێبەكەیشی (فتح المجید)ی بە مەنهەج لە قەڵەم دەداو بۆ خۆیشی بەدەرس دەیگوتەوە، بەتایبەت بە منالەكانی خۆیی دەگوتەوە..

– **ئیمام بەنا:** زۆری خۆشدەویست و بە پیاوێكی راستگۆو دیندارو موجاهید وەسفی دەكردو ئەوویشی لەهەندێ بواردا بە مجدد دا دەنا .

– **قەرەزاوی:** زۆر سەرسام بوو بە شێخ یوسف قەرزاویی و زۆریش گوێی لە وتەكانی دەگرت و كتێبی زۆریشی خوێندووەتەوە، بەتایبەت بواری فیقهی، وە بە پیاوێكی ئازاو بەجەرگ وەسفی دەكرد لە فەتوا داندا .

– **ئەلبانی:** سەبارەت بە شێخ ئەلبانی دەیفەرموو: بەراستی پیاوێكی ماندوو عەزیەت كێشەو زۆر ماندوو بووە لە بواری تەخریجی فەرموودەدا و جێگای ئیعتیبارە.

– **عبدالله عزام:** زۆر شێخ عەبدوڵڵای خۆش دەویست و زۆریش پێی سەرسام بوو، وە زۆر بە خوێندەواری دەزانی و بە پیاوێكی عالیم و موجاهیدو خەمخۆری دەزانی.

– **سید قوتب:** پێی وابوو ئەگەر فیكرو دیدی "سید" نەبوایە ئەوا دین بەو شێوەیە گەشەی نە دەكردو لە چوارچێوەی موعامەلات و ئەحوال شەخسی تێ نە دەپەری، وە زۆر سەرسام بوو بە كتێبەكانی بەتایبەت: (فی ظلال القران و معالم فی الطریق).

- **ناصر سوبحانی:** ماموٚستا گوێی لـه هەنـدێ کاسێتی ماموٚسـتا ناصـر سـوبحانی گـرت بەتایبـەت تەفسیری سوورەتی (ق) و کاسێتەکانی موناقەشەی نێوان ماموٚستا ناصرو مەلا ئەحمەدی دەرگا شێخان. دواتر خوٚم پرسیارم لە ماموٚستای رەحمەتی کرد سەبارەت بـە کەسایەتی و زانایی ماموٚستا ناصر، لەوەلاٚمدا فەرمووی: ئەگەر بمایە سید قوتبی سەردەمی خوٚی دەبوو، ئەگەر لەو زاناتر نەبوایە !!

- **ئەبو بصیر الطرطوسي:** سەبارەت بە شێخ ئەبو بەصیر کاتێ کتێبی (عقیدة الطحاویة بشرح ابی بصیر) خوێنـدەوە، دواتـر هـەمان کتـێبی کردە مەنهەج بوٚ چەند برایەك و بە دەرس پێی دەگوتنەوە، ئیتر لەوە بەدواوە زوٚر سەرسام بوو بە عیلم و زانستی و زوٚریش بـە خـاوەن ئینسافی دا دەنا..

- **مام هەژار موکریانی:** زوٚر سەرسام بوو بە رەوانبێژیی و کوردی زانی ماموٚستاو بە کەڵە زاناو کەڵە شاعیری کوردی دا دەنا..

- **شێخ محمدی خاڵ:** سەرسام بوو بە تەفسیرەکەیی و ئـاواتی دەخواسـت کـە خوٚزگا تەفسیرەکەی تـەواو بکردایـە، چووبوویە خزمـەتیی و دەیوت: پیاوێکی زوٚر زاناو ئەهلی عیلم و بە ویقار بوو، هەر بوٚیە تەفسیری خاڵ یەکێك بوو لە سەرچاوەکانی تەفسیری رامـانی ماموٚسـتای رەحمەتی..

× **ئەوەی زوٚر زوٚر ماموٚستای بیتاقەت کرد لە ژیاندا** /

زوٚر بەداخەوە ماموٚستا لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا کوٚمەڵێك گوٚرانکاری زوٚر خێرا رویانـدا کـە دەتـوانم بڵـێم ماموٚسـتایان زوٚر زوو پیرکـردو زوٚرخەمیان دایە، یەکێك لەو خەمانەی کە زوٚر زوٚر تەئسیری لە ماموٚستا کردو زوٚر پێی دلگرانبوو کوٚنگرەکەی تەوێڵەبوو لەساڵی ١٩٩٩، کـە یەکەمین کوٚنگرەی بزووتنەوەی یەکبوون بوو، ئەو یەکبوونەی کە ماموٚستا پشکی هەرە گەورەی ئەوی تێدابوو بـوٚ یەکگرتنـەوەی (باسـك و بـرا)، بـەلاٚم بەداخـەوە لـە کوٚنگرەکـەداو بـێ هـیچ گوێدانـە مانـدووبوون و کەسـایەتیی و سـەنگینی ماموٚسـتا، لـەو ململانـە ناشـەریفەدا ماموٚستایان خست و ئەو دەنگەی کە پێویست بوو بیدرێتێ نەیدرایەو ماموٚستای رێکخەرو هەوێنی ئەو یەکبوونـە لـەو کوٚنگرەیـەدا دەنگـی پێ نەدرا !! ئاگاداربووم کاتێ کە گەڕاینەوە لە تەوێڵەو دوای راگەیاندنی دەنگەکان ماموٚستا ئەو شەوە تا بەیانی خـەوی لێنەکـەوت و زوٚری بەلاوە سەیرو قورس بوو کە بێ ویژدانیش ئابەو شێوەیە؟!! وەك بەرێز ماموٚستا جەعفەر دەیگێرێتەوەو دەڵێ ماموٚستا مەلا ئەحمەد پێـی گوتین: چوٚن دەبێ کەسانێك لە دامەزرێنەران و بەردی بناغـەی حیزبێـك بـن، بـەلاٚم لـە ئـاوا کوٚنگرەیەکـداو بـەبێ هـیچ هەڵسـەنگاندنێکی درووست و شەرعی وەلا بنرێن؟!! یەکێکی تر لە خەفەتە گەورەکانی ماموٚستا لـەتبوون و تەقینـەوەی ئـەو بزووتنەوەیـە بـوو کـە ماموٚسـتا ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ تەمەن و هەموو ژیانی تێدا سەرفکردبوو، بەلاٚم بەداخەوە پاش هەوڵ و تەقەلای زوٚرو ماندووبونێکی بـێ بەرهـەم، سەرەنجام بزووتنەوە تەقیەوەو بو بەچەند پارچەیەکەوە، ماموٚستا زوٚر زوٚر خەمی پێ خواردو نیـوەی ریشـی رەشـی لـەو روداوە سـەختەدا سپی کردو هەر بە ئاواتی یەکگرتنەوەش سەری نایەوە !! پاشـان یـەکێکی تـر لـەو خەمـە قورسـەی کـە ماموٚسـتای ئەوەنـدەی تـر خـەمبارو بیتاقەتکرد بێ ئەدەبیی و زماندرێژی مەریوان هەڵەبجەیی بوو کە کتێبێکی بەناوی (سێکس و شەرع و ژن) بـلاٚو کـردەوەو پاشـان لەلایـەن وەزارەتی روٚشنبیری حکومەتی هەرێمەوە پاداشت و دیاری وەرگرت و هەر بە فەرمانی وەزارەتی روٚشنبیری حکومەتی هەرێمیشەوە ئیجازە درا کتێبەکەی بوٚچاپ بکرێت و خرایـە نێـو کتێبخانـەکانی کوردسـتانەوە، کـە هەمیشـە ماموٚسـتا بـیری لێـدەکردەوەو زوٚری خـەمی پـێ دەخواردو دەیفەرموو جولەکەو گاوریش ئاوایان نەکردووە بەئیسلام و هیچ کات کورد ئەوەندە بێ دین و بێ ئەدەب نەبووەو لەهەموویشـی گرانتر ئەوەبوو کە هیچ هەڵوێستێکی جەماوەریشی بەدوادا نەهات! ئەوەندەی تر خـەمی ماموٚسـتای گـەورەتر کـرد.. بـەلاٚم ئـەوەمان لـەبیر نەچێت کە ماموٚستا وەك هەڵوێستێکی ئایینیایەی خوٚی نامەیـەکی ئاراسـتەی مـام جـەلال سـەروٚك کوٚمـاری عێراقـی فیـدراڵ کـرد بـوٚ ئـەو مەبەستەو لە نامەکەدا داوای لە سەروٚك کوٚمار کردووە کە بەزووترین کات رێگری بکات لەو هەڵەوەڕیانەی مەریوان و مەریوانییەکان!! ئەم سێ خەمە گەورە هەمیشە ماموٚستا باسی لێوە دەکردن و زوٚر زوٚر پێی سەخڵەت و دڵشکاو بوو..

× **مامۆستاو هەڵس و کەوتی لەناو ماڵ و منداڵیدا** /

مامۆستا "بەرەحمەت بێ" هەرچەندە خاوەن مێزەرو جبەو سیفاتی مەلایەتی بوو، بەڵام لەگەڵ ماڵەوەو خانەوادەکەیدا زۆر بەلوتف و بەسۆزو میهرەبان بوو، هەمیشە ڕووخۆش و قسەخۆش بوو لەگەڵماندا، سەبارەت بە نوێژەکان زۆجار بە دەنگی بەرز قامەتی دەکردو هاواری دەکردو دەیفەرموو نوێژەکەتان!! وە زۆرجاریش لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا دەچوویە دەرەوەو هەرچەندە دەتوانم بڵێم زۆریش کاتی نەبوو مافی ماڵ و منالی لە سەیران و چوونە دەرەوەدا بدا!! مامۆستا لە کۆتایی تەمەنیدا زۆر ئولفەت و خووی گرتبوو بە ماڵەوەو زۆر بە سەبرو ئارام بوو لەگەڵمان، ئەوەندە بەسۆزو لوتف بوو وەکو هاوەڵی لێهاتبوو لەگەڵماندا، کاتێ کە هەموو منداڵەکان لەماڵەوە بوون، دەرس و دەوری بۆ منداڵەکان دانابوو، بیرم دێ کتێبی "فتح المجيد" و " فتح القريب"ی بە منداڵەکان دەوت، وە ڕەمەزانانیش زۆرجار وانەو موحازرەی بۆ دادەنان و باسی جۆراوجۆری بۆ دەکردن، ئەوەی جێی سەرنج بوو لەم کۆتا تەمەنەیدا میهرەبانییی و سۆزو خۆشەویستی مامۆستا بوو لەناو ماڵ و منداڵیدا، جارێکیان بە چەند مانگێك پێش وەفاتی سەفەرێکی هەبوو بۆ دەرەوەی کوردستان، مامۆستای ڕەحمەتی کەمێك لەسەفەرەکەی دواکەوت و بوویە هۆی تووڕەبوون و بێزاری!! کاتێ کە گەیشتنە سنووری دەرەوەی کوردستان، بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە کردو هەندێ قسەوباسمان کردو دواتر فەرمووی: گەردنم ئازادکەن دەنگم بەرز کردەوە بەسەرتاندا.!! بەراستی مەعنای باوکایەتی دەزانیی و زۆر پەیوەندیی توندو تۆڵی هەبوو لەگەڵماندا، وە هەرکات کێشەو نارەحەتییەك ڕووی تێبکردایەین، تەنها بە بینینی ریشی جوان روخساری مامۆستا دڵ ئارام دەبووین!، سڵاوو ڕەحمەتی خوای پەروەردگار بڕژێ بەسەر ڕۆحی پاك و میهرەبانی مامۆستادا.

× **مامۆستاو گوێگرتن لە هەواڵ و رادیۆو تلفزیون** /

یەکێکی تر لە سیفاتە گرنگەکانی مامۆستا گرنگیدان بوو بە هەواڵی ڕۆژو موتابەعەکردنی ڕووداوەکانی جیهان، وە لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە گرنگەکانی کوردستان ئیشتراکی هەبوو، بەتایبەت گۆڤاری المجتمع ی کوەیتیی و ستاندەرو ڕۆژنامەی ئاوێنەو هاوڵاتی و هەواڵ و چاودێرو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی تر.. وە بەو سیفەتەی کە بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە بوو ئاگای لە زۆرێك لە لێدوان و قسەو بابەت و ماڵپەرو سەرچاوە ڕاگەیاندنەکان بوو، وە لەرووی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەوە، هەموو ئێواران بەتایبەت موتابەعەی کەناڵی الجزیزەی دەکردو دواتریش لە زاگرۆس تیڤی و جارجارەیەکیش بۆ بە ئاگابوون لە هەواڵە ناوخۆییەکان گوێی لە کوردستان تیڤی و کوردساتیش دەگرت، وە لەبەرنامەکانیشدا زۆرجار گوێی لە الاتجاه المعاكس دەگرت، وە لەبەرنامە تەرفیهیی و تەنزئامێزەکانیشدا بەگوێرەی کات موتابەعەی "بەرنامەی بەرنامە" دەکردو بەرنامەیەکی باشبوو بەلایەوە، وە لە دەستپێکردنی کاری حیزبایەتییەوە تا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد ڕادیۆی هەبوو وە زۆر موتابەعەی (bbc) بیبیسیی و هەواڵەکانی ئێرانی دەکرد، وە زۆرجاریش ئاگاداری ناوخۆی سایتە کوردییەکان دەبوو، وە بەپێی پێویست وەڵامی پێویستی بە بابەت نووسەکان دەدایەوە.. وە سەبارەت بەوەی کە ئایا مامۆستا گوێی لە مۆسیقاو گۆرانی و سروود دەگرت یان نا ؟؟ ئەوەی ڕاستیبێ مامۆستا زۆر خۆی لە گوێگرتن لە مۆسیقا دەپاراست، مەگەر جارجارە نەبێت کە ڕێ دەستی نەبوایە!! جارجارەش موتابەعەی سروودە جیهادییەکانی بزووتنەوەی دەکردو گوێی لە هونەرمەند بیلال کەیوانی دەگرت، سەبارەت بە گۆرانیش مامۆستاش وەك هەر ئینسانێ جارجارە گوێ لە "عەلی ئەسغەر"ی کوردستانی شل دەکردو دیاربوو پێیخۆشبوو.. خوای گەورە لێی خۆشبێت.

× **شێوەو کاتی وەفاتکردنی** /

بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەم بوو بەرواری ٥ ی محرمی ١٤٢٩ کۆچی بەرامبەر ٢٠٠٧/١/٢٥ زایینی لە وەرزی زستاندا بووین، کاتژمێر دوای ٦ شەشی سەر لەبەریانی بوو زەنگی تەلەفۆن لێیداو یەکێك لە خوشکەکانم بوو پێی ڕاگەیاندین: وا بزانم بابە مردووە، لە وەڵامدا وتم: وا مەڵێ، یەعنی چی؟ خۆ بابە نەخۆش نەبووە، چۆن مردووە؟ دواتر دایکم هاتە سەرخەت و وتی عیرفان گیان باوکتان وەفاتی کردو

گەرایەوە بۆلای خوا !! ئیتر مەگەر رب العالمین خۆی بزانێ کە لەو کاتەدا چ وەزعێکمان بەسەردا هاتوو و چ موسیبەتێکی گەورەو گران بوو، خوای گەورەو میهرەبان ئاگادارە هیچ کات ئابەو شێوە توشی شۆك و بێتاقەتی نەبووین و نابین، چونکە هەمووجار دەیڵێم و دووپاتی دەکەمەوە کە گریان و شیوەنی ئێمە بۆ باوکمان دوو جۆر بووە: یەکێکیان وەك سۆزی کوڕو باوکایەتیی و ئەوی دیکەشیان وەك ئەوەی کە نەوعییەتی ئەحمەد کاکە مەحموود لە کوردستان و بەتایبەت لە ناوچەکەدا دووبارە نابێتەوە، چونکە مەلای مێزەرە بەسەرو خاوەن جبە، ئا بەو نەوعە بیرو دیدو فیکرە جیهادییەو عەقیدە پاکییەوە مەحاڵە دووبارە ببێتەوە، کە ئەمەش بۆ ئیسلام و موسڵمانان خەم و کەلێنێکی گەورەو گرانتربوو!! المهم: ماموٚستا پێش هەفتەیەك لە وەفاتی هاواری پشت و نێوشانی دەکردو دەیفەرموو: شەوانە نێو شانم زۆر دیشێ و ئازارم هەیە، لەو هەفتەیەدا قەدەر وابوو کە ئێمەش لە سلێمانییەوە گەرابووینەوە هەڵەبجەو لەخزمەتیدابووین، هەر چەند ماموٚستا زەختی خوێنی لەگەڵدابوو، بەلاّم ئابەو شێوەیەش نەبوو کە ئیحراج و بێتاقەتی کردبێت، وا دیار بوو کە لەو هەفتەدا سووکە جەڵدە لێی دابێت و تووشی ئەو ئازارەی کردبێت، وە زۆریش داوامان لێکرد کە بابچین بۆ سلێمانی و سەردانی دکتۆر بکەین، بەلاّم بە گوێی نەکردین، ئیتر رۆژانە سەردان و تەعزییەی ناوشاری هەڵەبجەمان دەکردو زۆریش خۆشحاڵ و سەرحاڵ بوو، تا تقریبا دوو رۆژ پێش وەفاتی سەرلەبەیانییەك دوای نوێژی بەیانی زۆر بەخێرایی هاواری کردو وتی نێو شانم زۆر ئازاری هەیەو فریام بکەون، هەموو هاتین بەدەمیەوەو پشتمان بۆ شێلاو عارەقێکی زۆر زۆری دەرکردو ئیتر باشتر بوویەوە، جا سەری ساڵی کۆچیش بوو وتارێکی باشی ئامادە کردبوو بۆ رۆژی هەینی وەك خۆی دەیفەرموو، بەلاّم پێم وت بابەگیان نەوەك ئەو ئێشە لێت بداتەوەو نەیەڵێ وتارەکەت تەواو بکەیت، قەیناکا وتارەکەت هەڵبگرە بۆ جومعەی داهاتوو، ئیتر قەدەر وابوو ئەو جومعەیە نەکات و زوو زووش دەیدایەوە بە گوێمداو دەیفەرموو نەتهێشت وتارەکەی جومعە بدەم باسێکی باشم ئامادە کردبوو سەبارەت بە سەری ساڵی کۆچی.. دواتر رۆژی سێشەم واتە دوو رۆژ پێش وەفاتی، ئیمەیلێکمان بۆ هاتبوو لە تارانەوە سەبارەت بە هەندێ هەڵەی ناو تەفسیرەکەی، ئیتر سەرقاڵی رێکخستنی ئەو هەڵانە بووین و هەمووی راستکردەوەو فەرمووی ئەمانەم بەزوویی بۆ ئیمەیڵ بکەرەوە بۆ تاران، سبحان الله وەکو ئەوەی کە ئیتر ماموٚستا بەتەواوی ئیشی تەفسیرەکەی تەواو بووبێت و ئیتر شتێك نەمابێت کە جەنابی بۆی زیادبکات، ئەمەش یەکێك لەو رووداوە سەر سوڕهێنەرانەی کە دوو رۆژ پێش وەفاتی روویدا، هەر لە هەفتەی (مرض الموت)ی ماموٚستادا بووین، شەوێکیان ماموٚستای باوکم تەلەفۆنی کرد بۆ جەنابی ماموٚستا مەلا عەلی کە جەنابیان لەشاری سنە بوون و ئەویش نەخۆشبوو بەنیازی سەفەری سعودیە بوو بەمەبەستی نەشتەرگەری، ئیتر باوکی رەحمەتیمان قسەو گفتوگۆی زۆر لەگەڵ ماموٚستا مەلا عەلی کردو زۆر دڵخۆشی ماموٚستای دایەوە، چونکە ماموٚستا مەلا عەلی بە باوکمی فەرموو بوو: مەلا ئەحمەد بۆ سعودیە دەچم و بۆ مردن دەچم، گەردنمان ئازاد بکەن، ئیتر باوکی رەحمەتیمان زۆر زۆر دڵگران و بێتاقەت دەبێ بەقسەکەی شێخ عەلیی و لەبەرامبەریشدا ماموٚستا مەلا ئەحمەد زۆر باسی مێژوو کارە جوانەکانی خۆیی بۆ دەکات و پێی دەفەرموێ: تۆ ئەوەندەی شاخەکانی هەورامان سەربەرزو مێژوو بەرزو خاوەن جیهادو موقاوەمەت بووی، هەرگیز نەبەزیی و گوێ بەهیچ شتێك مەدە، دیاربوو ماموٚستا مەلا ئەحمەدیش زۆر دڵگران بوو بە وتەکانی ماموٚستا مەلا عەلیی و دواتریش هەر بۆ ئێمەی دەگێرایەوەو لە دڵی دەر نەدەچوو، ئەوەبوو قەدەر وای دانابوو کە دەبێ ماموٚستا مەلا ئەحمەد پێش ماموٚستا مەلا عەلی وەفات بکات، خوای گەورە لە هەردووکیان خۆش ببێت، هەر لەو هەفتەی نەخۆشییەی ماموٚستای باوکماندا بووین سەردانی ماڵێکمان کرد لەگەرەکی گولاّن بە مەبەستی سەرەخۆشیی و تەعزیە، سبحان الله ماموٚستا مەلا ئەحمەد باسی نیعمەتی مردنی بۆ ئامادە بووان دەکردو زۆر بە شێوەیەکی سەرنج راکێش ئەو باسەی بۆ ئامادە بووان کرد، یەکێکی تر لەو رووداوە سەرنج راکێشانەی کە لەهەفتەی وەفاتی ماموٚستادا روویدا ئەوەبوو کە من لەخزمەتیدا بووم بەرەو گەرەکی گولاّن لە هەڵەبجەی شەهیدو لەناو سەیارەکەدا کەوتینە گفتوو گۆو باسی نەخۆشییەکەی، کە تا ئەندازەیەك ماموٚستای قەلەق کردبوو، رووم تێکردو وتم بابەگیان هیچ نییە ئەوەندە گوێی مەدەرێ لەوە دەچێ تۆزێ ترسابیت؟!! لە وەلاّمدا ماموٚستا مەلا ئەحمەد فەرمووی: جا رۆڵەگیان لە چی بترسم الحمدلله خۆم بە پاك دەزانم و هیچ ترسێکم نیە چونکە نە عەمالەتم بۆ پارتیی و یەکێتی کردووە نە بۆ ئێران و نەبۆ هیچ لایەن و کەسێکی تر، ئیتر لەبەرچی دەبێ بترسم؟!! وە زۆریش ئەم دۆعاو

وتەیەی دووبارە دەكردەوەو دەیفەرموو: خوای گەورە عاقیبەت خێرمان بكات ئێمەش وەك هەندێ مەلاو كەسایەتیی تووشی تاقیكردنەوە نەبین و دوایی دەرنەچین؟!! وە چەند رۆژێ پێش وەفاتی سەردانی گلكۆی مامۆستا مەلا عوسمانی مامۆستاو خەمخۆری كردبوو و لەوێ دۆعای خێری بۆ كردبوو، وە چاوی پڕ لە فرمێسك بو بوو، كات هات و كاتەكان رۆشتن و رۆژ رۆژی پێنجشەم دەبێ و مامۆستای رەحمەتی كە هەڵدەستێ بۆ نوێژی بەیانی واللە أعلم ئەو ئێشە لێی دەداتەوەو ئیتر دوای نوێژ نەخەوتبوویەوەو هەندێك خۆی مەشغوڵكردبوو بە نووسین و جارێ بە كۆمپیوتەرەكەیەوەو هەر ئاوا تا كات دەگاتە نزیكەی ٦ شەشی سەر لەبەیانی، ئیتر ئێشەكە دەداتەوە لە نێوشانیی و بانگ دەكات لە خێزانیی و هەر ئەوەندە فریا دەكەوێ و زۆرێك ئەم دۆعایە بەچەند چركەیەك پێش وەفاتی دووبارە دەكاتەوەو دەفەرموێ: یا شافی یا شافی یاشافی و لەسەر بەرماڵەكەیی و لەبەردەم ماڵ و مناڵەكەیدا گیانی بە پەروەردگاری خۆی دەبەخشێتەوەو گەورەترین و ناخۆشترین و ئێش پێگەیەنەرتر هەواڵی وەفاتیمان دەداتێ و تا ئەبەد لەبیرناچێتەوە.. خوایەگیان مامۆستای باوكمان لەگەڵ پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاكاندا حەشربكەو هاوەڵی ئەوان بێت.. ئامین.